# ئەحمەدموختار جاف شاعیرێکی نوێخواز لە هەواری خێڵاندا

د.ئاراس محەمەد صالح
(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)

شاعیری نیشتمانپەروەر ئەحمەدموختار جاف لە بنەماڵەیەکی خانەدانی بەگزادەی جاف و لە مەڵبەندی شاعیران و ئەدیبانی شاری(هەڵەبجە) لەدایک بووەو پێگەیشتووە، بنەماڵەکەیان خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و موڵک و دەسەڵاتدار بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شاعیرە هۆشیارە ناکەوێتە ژێر کاریگەریی سیستمی خێڵایەتی، بەڵکو بە پێچەوانەی دابونەریتی زۆربەی بنەماڵەی ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردەوە هەنگاو دەنێت و هەندێ جار دژایەتیشیان دەکات، زۆرێک لە ئاغا و دەرەبەگەکانی کورد بۆ مانەوەیان و بەرگریکردن لە بەرژەوەندی کۆنەخوازیان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ خوێندنی نوێ و کرانەوەی قوتابخانە لە دێهاتەکانیاندا نەبوون، لە هەمان کاتدا لە سنووری دەسەڵاتەکەیاندا زۆر بە توندی دژی هەموو پێشهاتێکی نوێ بوون، بەڵام ئەم شاعیرە هۆشیارە بە پێچەوانەی ئاغا و دەرەبەگە کۆنەپارێزەکانەوە، بانگی خوێندن دەدات و داوا دەکات نەوەکانی میللەتەکەی ڕووبکەنە خوێندن، لە هەمان کاتدا تەنیا خوێندنی بە ڕێگەی ڕزگاری گەلەکەی زانیوە.(١)

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ گەشەکردنی بیری نشتیمانی و نەتەوەییدا، هەروەها هاتنی داگیرکاری بەریتانی و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی زۆرێک لەگەڵ ڕۆژهەڵات بە پاڵپشتی داگیرکەری بەریتانی و ڕۆژئاوا دەبنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، میللەتی کوردیش هیوای بەوە هەبووە چانسی ئەوەی هەبێت و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ، لەو کاتەدا میللەت بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەش بووە، ناوەندە تەقلیدییەکە زیاتر مەیلی بەلای عوسمانیدا بووە، بەڵام دەستەی ڕووناکبیری کورد کە ئەحمەدموختار یەکێک بووە لەوانە، هیوایان بەوە بووە کە داگیرکاری ڕۆژئاوا و بەریتانیا دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ



**ئەحمەدموختار جاف**

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**
**هەموو ئان و زەمانێک عەینی قەڵغان و سوپەرتانە.**

ئەحمەدموختار باس لە توانایی چەکدارانی کورد و شێخ و سەرۆک و خێڵە کوردەکان ناکات کە بتوانن ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی بەدەست بێنن، کە لەو ڕۆژگارەدا بەهۆی دواکەوتوویی و هەژموونی کولتووری خێڵایەتییەوە سەردەستە بووە، بەڵکو ئەو زۆر لەوە گەورەتر بیردەکاتەوەو بڕوای وایە کە تەنیا بە خوێندن کورد دەتوانێت ڕووبەڕووی دوژمنەکانی ببێتەوە و بەرگری لەخۆی بکات، لە ڕۆژگاری ئەحمەدموختاردا و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن دڵسۆزانی کوردەوە زۆر هەوڵ درا کوردیش وەک گەلانی ناوچەکە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، بەڵام بەهۆی پاشکەوتوویی کورد و نەخوێندەواری و نەزانییەوە کورد بەسەر هەردوو بەرەی عوسمانی و بەریتانیدا دابەش بووە، بەشێک لە مونەوەرانی کورد بڕوایان بەوە بووە کورد دەتوانێت لە ڕێگەی بەریتانیای زلهێزی ئەو سەردەمەوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەرەی دووەم بڕوای وابووە کورد پشتگیری عوسمانییەکان بکات، بەڵام لە ئەنجامدا هەردوو بەرەکە بەدەستی بەتاڵ گەڕاونەتەوەو هیچیان دەست نەکەوتووە.

ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرەی کورد هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە کوردستان و ناوچەکەدا ڕوویان داوە بە چاوی خۆی بینیوە، دروستکردنی حکوومەتی کوردستان دووجار لە سلێمانی و هەر زوو لەباربردنی لەلایەن بەریتانییەوە، ئەو ڕووداوانە کاریگەری زۆریان لەسەر مونەوەرانی ئەو ڕۆژگارەی کورد هەبووەو بڕوایان بەوە نەماوە لەلایەن زلهێزە داگیرکەرەکانەوە هیچ بۆ کورد بکرێت.

ئەحمەدموختار تەنیا شاعیر نەبووە، بەڵکو چیرۆکنووسیش بووە، چیرۆکی(مەسەلەی ویژدان) کە بە سەرەتای چیرۆکی کوردی دادەنرێت لە نووسینی ئەوە، لەو چیرۆکەدا شاعیر بەگژ هەموو دیاردە خراپەکانی ناو کۆمەڵدا دەچێتەوە، نووسەر لە ڕێگەی ئەو چیرۆکەوە دەیەوێت میللەتەکەی هۆشیار بکاتەوە کە بەدوای ژیانێکی باشتر و پێشکەوتووتردا بگەڕێت(٤).

لێرەدا ئەو پرسیارە لای زۆربەی خوێنەرانی بەرهەمەکانی ئەحمەدموختار دێتەپێشەوە، کەسێکی خانەدانی جاف و کوڕی سەرۆک خێڵێکی خاوەن موڵکی ئەو سەردەمەی کورد، چۆن کەسێک لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی سەرەتای سەدەی بیستەمی مێژووی کورد دروست بکات، کەسێکی وەک ئەم شاعیرە هۆشیارە لەسەر ئەو بۆچوونانەی تووشی گرتن و زیندانی کردن بووەتەوە.(٢)

لەو ڕۆژگارەدا کە سەرەتای بووژانەوە و گەشەکردنی کورد بووە، ئەحمەدموختار هیوای تەنیا بە دەستەی خوێندەواری کورد بووە کە بتوانن ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی دەستەبەر بکەن، لەو ڕۆژگارەی ئەم شاعیرە بەهرەمەندەی تێدا ژیاوە، دەردی نەخوێندەواری چنگی لە گەردنی کورد گیرکردبوو، لەو کات و ساتە هەستیارەی مێژووی کورددا بەشێکی کۆمەڵ دژایەتی پرۆسەی خوێندنی نوێ و کردنەوەی مەکتەبیان کردووە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە تەنیا مەکتەب و خوێندەواری بە هۆی ڕزگاری گەلەکەی دەزانێت و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**غەیری مەکتەب بۆ تەداویی ئێمە هیچ دەرمان نیە**
**هیچ سیلاح چاتر لە عیلم و سنعەت و عیرفان نیە.**
**زوو بەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە سا هەوڵێ بدەن**(٣).

لەو ڕۆژگارەدا کورد لە هەموو ڕووەکانی زانستی و پیشەسازی و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەوە زۆر دواکەوتوو بووە، شاعیر هەموو ئەو دەردانەی بە هۆی دواکەوتن و ژێردەستەیی میللەتەکەی زانیوە و تەنیا هیوای ڕزگاری لە بەدەستهێنانی زانست و خوێندەواریدا بینیوە.

هەر لەبارەی خوێندنەوە دەڵێت:

کورددا، بانگی نیشتمانی و خوێندەواری داوە؟ بۆچی هیوای بەوە بووە مونەوەرانی کورد دەتوانن ڕزگاری نیشتمانی بەدەست بێنن؟ بە پێچەوانەی زۆربەی سەرۆک خێڵ و ئاغا و دەرەبەگی کوردەوە کە دژایەتی خوێندنی نوێ و کردنەوەی قوتابخانەو دژی توێژی ڕووناکبیری نوێ بوون، ئەو ئاغا و شێخ و دەرەبەگانە پێگە و بەرزی کوردیان لە سیستمی خێڵایەتی و مانەوە لەو دۆخە چەقبەستووەدا بینیوە، لە هەمان کاتدا کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنی نوێیان بە مەترسی لە سەر کۆمەڵی کوردەواری داناوە؟!

کۆمەڵێک هۆی بابەتی هاوکاری ئەحمەدموختار جافیان کردووە وەک مونەوەرێک بیر بکاتەوە و سنووری بیرکردنەوەی لە سنوورێکی بچووکدا تێپەڕێنێ، پێشکەوتن و ڕزگاری میللەتەکەی لە خوێندن و پیشەسازی و زانستدا بینیوە، لە گرنگترین ئەو هۆیانەی هاوکاری ئەویان کردووە بەو شێوەیە بیربکاتەوە:

**یەکەم:** ئەحمەدموختار نەوەی بنەماڵەی بەگزادەی جاف بووە، بەگزادەکانی جاف هەر لە کۆنەوە دۆستی شاعیران و خوێندەواران بوون، کەسێکی وەک حەمە پاشای جاف دۆستی شاعیری گەورە مەولەوی و زۆرێک لە شاعیرانی سەردەمی خۆی بووە و شیعر و نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبووە، هەریەکە لە حەمە پاشا جاف و وەسمان پاشا و مەحموود پاشا لە گوڵعەنبەر و هەڵەبجە و پێنجوێندا مزگەوت و خوێندنگەیان کردووەتەوە و پێویستی خوێندنیان بۆ مامۆستا و فەقێیەکانی دابین کردووە، دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە هەریەکە لەم پاشایانە خوێندەوار بوون، کەسێکی وەک مەحموود پاشا کە چووەتە تورکیای عوسمانی، کراوەتە قایمقام، ئەوەیش بەڵگەی ئەوەیە ئاستێکی خوێندەواری باشی هەبووە(٥).

**دووەم:** مەحموود پاشای جاف خاوەنی کەشکۆڵی گەورەی شیعری بووە، ئەو کەشکۆڵە شیعری زۆرێک لە شاعیرە گەورەکانی تێدایە، ئێستا چاپ کراوە و سەرچاوەیەکی گرنگی شیعری شاعیرانە، ئەحمەدموختار لەو ژینگە خێزانییە ئەدەبپەروەرەدا گەورە بووە، بێ گومان ژینگەیەکی لەو جۆرە کاریگەری زۆری لەسەر پێگەیشتنی ئەحمەدموختار جاف هەبووە و بەهۆیەوە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی گەشەی کردووە.

**سێیەم:** شاری هەڵەبجەی زێدی ئەحمەدموختار، ناوەندێکی گەورەی ئەدەب و فەرهەنگ بووە، لە ڕۆژگاری لاوێتی ئەم ڕووناکبیرەدا، پیرەمێردی شاعیر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لەو شارەدا بووە، باس لەوە دەکات لە شەواندا کۆڕی شیعری لە دیوەخانەکانی هەڵەبجەدا گەرم بوو، بە تایبەتی دیوەخانی ماڵی پاشا.

**چوارەم:** ئەو گەشەکردنە فەرهەنگی و نیشتمانییەی لەسەرەتای سەدەی بیستەم ڕووی لە کوردستان کردبوو، وەک هاتنی داگیرکاری ڕۆژئاوا و کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و خوێندن بە کوردی و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و پەیدابوونی چاپخانە، بێ گومان هەموو ئەو پێشهاتانە ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لەو سەردەمەدا هەبووە.

**پێنجەم:** ئەم شاعیرە کوڕی خێزانێک بووە خواپێداو بووە، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ تایەر بەگی برایدا مامۆستای تایبەتیان بۆ دابین کراوە، لە ماڵی خۆیاندا لەلایەن باشترین مامۆستاوە فێری زمانی فارسی و تورکی و هەندێک ئینگلیزی کراون، ئەو مامۆستا خاوەن تواناییانە کاریگەری زۆریان لەسەر کەسێتی ئەم شاعیرە هەبووە، هەروەها فێربوونی زمانی فارسی یارمەتی داوە سوود لە شیعر و ئەدەبیاتی فارسی وەربگرێت، تێکەڵاویی شاعیر لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسیدا کاریگەری لەسەر کرانەوەو دنیابینی ئەحمەدموختار هەبووە.

**شەشەم:** لە هەموو ئەو خاڵانە گرنگتر کە کاریگەری لەسەر ئەم شاعیرە نوێخوازە هەبووە دایکی بووە، کورد گوتەنی: منداڵ کوڕی دایکییەتی، عادیلە خانمی دایکی شاعیر لە بنەماڵەیەکی شارستانی شاری سنە بووە، خانمی وەسمان پاشا یەکێکە لە ژنە گەورەکانی مێژووی کورد، ئەم ژنە بەهرەمەندە لە بنەماڵەیەکی خانەدانی وەک (ئەردەڵانی- ساحێبقڕان)ی شاری سنەدا گەورە بووە، هەر ئەوەیش وای کردووە زۆر گرنگی بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی بدا و مامۆستای تایبەتییان بۆ بگرێ، هەموو ئەوانەیش کاریگەری زۆریان لە گەشەکردنی هۆشیاری ئەحمەدموختار هەبووە(٦).

هەموو ئەو فاکتەرانە و بەهرەمەندی و هۆشیاری خۆی، وای کردووە ئەحمەدموختار وەک مونەوەرێکی نیشتمانپەروەر بیربکاتەوە و هەنگاو بنێت، نەک وەک خاوەن موڵکێکی خاوەن پێگەی عەشایەری کە تەنیا خەمی پاراستنی موڵک و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بێت(٧).

ڕەخنەی ئەحمەدموختار لە شاعیرانی کورد: شاعیر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا چاوی کرووەتەوەو دەوروبەری خۆی ناسیوە، سەرەتای سەدەی بیستەم گۆڕانی گەورە لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا ڕوودەدات ، هاتنی داگیرکاری

ڕۆژئاوایی و کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی چەندان دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا، لەو ڕۆژگارەدا ڕووناکبیرانی کورد لە خەمی ئەوەدا بوون دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیش وەک گەلانی دەوروبەری دروست بێت و کورد لە گەلانی ناوچەکە دواناکەوێت، لەو کاتەدا ئەحمەدموختار وەک مونەوەرێکی کورد ڕەخنە لە شاعیران دەگرێت و داوایان لێ دەکات لە خەمی نیشتماندابن نەک هەر باسی زوڵفی ئالۆز و چاوی خەواڵوو بکەن، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**شاعیرانی کورد بەسە، بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**
**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئالۆزاو بکەن**
**لابدەن کەم باسی سونبول یا لقی لاولاو بکەن**
**ئێوە تەدبیری حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن**
**زوو بە زوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە سا هەوڵێ بدەن(٨).**

هەرچەندە خودی شاعیر لە باسی زوڵف و چاوی خەواڵوو و باڵای عەرعەریدا شاعیرێکی پێشەنگە و پێش شاعیرانی سەردەمی خۆی ئاوڕی لەم لایەنە داوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕۆژگارە هەستیارەی مێژووی کورددا ئەگەر پیلانی ناوخۆیی و دەرەکی نەبووایە، کوردیش وەک هەموو گەلانی ناوچەکە دەبووە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، پێوەندی بنەماڵەی شاعیر و داگیرکاری بەریتانیای زلهێزی ئەو ڕۆژگارە، باسێکی ترەو جێگەی لێکۆڵینەوەی زانستییە.

ئەم شاعیرە هۆشیارە بڕوای بە توێژی مونەوەرانی کورد هەبووە بتوانن تەدبیری حاڵی کورد بکەن و لەم بارودۆخە دواکەوتوو و داگیرکارییە ڕزگاری بکەن، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی مونەوەر تینەتان**
**چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەرد و ئازاری وەتەن.**

لە ڕۆژگاری ئەحمەدموختاردا و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد لەلایەن بەشێک لە شێخ و ئاغا و مەلا و سەرۆک خێڵەکانەوە ڕابەرایەتی کراوە، هەرچەندە ئەحمەدموختار کوڕی سەرۆک خێڵێکی گەورەی وەک جاف بووە، لەگەڵ ئەوەش بڕوای بەو جۆرە شۆڕشانە نییە، بەڵکو بڕوای وایە چینی ڕووناکبیر و مونەوەرانی کورد دەزانن دەردی نیشتمان چییە و ئەوان دەتوانن ڕێبەرایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بکەن، لە ڕۆژگاری ئەحمەدموختاردا دەرکەوتنی دەستەی ڕووناکبیری کورد لە سەرەتادا بووە، لەو ڕۆژگارەدا هەندێ لە مونەوەرانی کورد لە ئەستەنبوڵەوە گەڕاونەتەوە، هەروەها لە هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواری و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاردا بوون، هەریەکە لە پیرەمێردی شاعیر و مستەفا پاشای یامولکی و ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حیلمی و چەندانی تر لەو ڕووناکبیرانەن.

لەکاتی دەرچوونی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) و هێنانی چاپخانە بۆ سلێمانی، ئەم شاعیرە هۆشیارە شیعری بۆ وتووە و بە هۆی پێشکەوتنی گەل و نیشتمانی زانیوە، لەو سەردەمەدا کورد بە چاپخانە ئاشنا نەبووە و ڕەنگە زۆرێک لە خەڵکی وەک شتێکی حەرام سەیریان کردبێت، بەڵام ئەحمەدموختار چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری بە هۆی پێشکەوتن و ڕووناکبوونەوەی کوردستان زانیوە، لەو بارەیەوە دەڵێت:

**(بانگی کوردستان)ە وا دنیایی ئیحیا کردەوە**
**زامی قەلبی کوردی بێچارەی مداوا کردەوە**
**باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەو مەتبەعە**
**ئەلحەق ئەمڕۆ خاکی کوردستانی زێبا کردەوە**
**سەد شوکور وا لەشکری عیرفان و عیلم و عاقڵی**
**شاری پڕ شۆڕی جەهالەتیان یەغما کردەوە(٩).**

شاعیرێک لەناو سیستمێکی خێڵایەتی سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەورە بووبێت، لە هەمان کاتدا بەو شێوەیە ستایشی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە بکات، بێ گومان کەسێکی زۆر مونەوەر و هۆشیار بووە.

بێ گومان هەڵکردنی کورد لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکان و کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و گرنگیدان بەلایەنی ڕۆشنبیری و نیشتمانی لەو ڕۆژگارەدا هەروا کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵکو کۆسپ و ڕێگری زۆری هەبووە، بەشێکی ناوەندە تەقلیدە کۆمەڵایەتییەکەوە دژایەتی توندی ئەو گۆڕانانەیان کردووە، بەڵام ئەم شاعیرە بەهرەمەندە هەرچەند درێژکراوەی بنەماڵەیەکی سەرۆک خێڵ و دەسەڵاتدار بووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر توند بەگژ ئەو کەس و لایەنانەدا دەچێتەوە کە دژایەتی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵیان کردووە و بە نەزان و نەفام و بەرژەوەندیخواز وەسفیان دەکات و دەڵێت:

**جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو**
**لەم موحیتە مەنعی عیلم و سنعەت و عیرفان ئەکەن**
**ڕووڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا**
**هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارەو نان ئەکەن.**

بێ گومان بەرەی کۆنەپارێز و ئەوانەی دژایەتی خوێندن و خوێندەوارییان کردووە، لەو ڕۆژگارەدا کەم نەبوون، بەڵکو بەرەی زۆرینە بوون، بەرگریکردن لە دابونەریتی بەسەرچوو، هەروەها ترس لە گۆڕان، تایبەتمەندی هەموو

کۆمەڵێکی دواکەوتوو و نەخوێندەوارە، ئەو ترسە لای چینە بەرژەوەندخوازەکان دەقۆزرێتەوە و لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەوڵی مانەوەی دەدەن، بێ گوێدانە خەمەکانی نەتەوە و نیشتمان، ئەحمەدموختار زۆرباش لەو بارودۆخە تێگەیشتووە و زانیویەتی مانەوەی میللەتەکەی لەو پاشکەوتوویی و نەخوێندەوارییەدا چەند مەترسیدارە، بۆیە زۆر توند بەگژ بەرەی کۆنەپارێزدا چووەتەوە و بانگی خوێندن و پیشەسازی و هۆشیاری داوە بە گوێی میللەتەکەیدا.

شاعیر خۆشەویستییەکی زۆری بۆ نیشتمانەکەی هەبووەو بە چاوی خۆی داگیرکاری تورک و ئێرانی بینیوە، هەروەها لە ناوبردنی حکومەتی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە لە سلێمانی و پەیمانی لۆزان و شەشی ئەیلوول و بەڵێنی درۆی عوسبەتولئومەم و هەموو ئەو ڕووداوانەی بە چاوی خۆی بینیوە و بێ هیوا بووە بە بەڵێنی زلهێزەکان و وڵاتە داگیرکارە ناوچەییەکان، شاعیر زانیویەتی هیچ یەکێک لەو لایەنانە دڵسۆزی پرسی کورد نین و هیچیش بۆ کورد ناکەن، تەنیا هیوای شاعیر بە دەستەی خوێندەوار و نەوەی هۆشیاری داهاتووی کوردە بتوانن میللەتەکەیان لە دەردی نەزانی و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی ڕزگار بکەن و سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان دەستەبەر بکەن، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**دێتە گوێم دەنگێ بە سۆز و شیوەن و گریانەوە**
**ناڵەیی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە**
**لانەواز و بێکەس و مەزڵومن ئێستە قەومی کورد**
**گا بەدەستی تورکەکان و گا بەدەس ئێرانەوە**

هەتا دەگاتە:

**ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**
**هەر قسەی ڕووتەو قسە ناچێتە گیرفانەوە**
**ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد**
**دێنەوە مەیدان بە عیلم و سنعەت و عیرفانەوە**
**نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە.**

هەروەها دەڵێت:

**پاش قڕانی مودەعی دەس پێئەکەن تەعمیری موڵک**
**ڕێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە**
**کێو و کەژ گشتی ئەبێتە باغ و جادە و قەیسەری**
**بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە**(١١).

لەگەڵ نالەباری بەختی کوردو پشت تێکردنی لەلایەن زلهێزەکانەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەڵام ئەم شاعیرە بەهرەمەندەی کورد بێ هیوا نەبووە، بەڵکو هیوای زۆر بووە نەوەی داهاتووی خوێندەواری کورد بتوانن میللەت یەک بخەن و چارەی دەردە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و نیشتمان ڕزگار بکەن، لەدوای ڕزگاری نیشتمانی دەست دەکەن بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و هێڵی ئاسنین دەگەیەننە شاخە سەخت و سەرکەشەکانی هەورامان.

هەزاران مەخابن پێش ئەوەی تاریکی نەزانی و نەخوێندەواری لە کوردستاندا قەڵاچۆ بکرێت و پێش ئەوەی دەستەی مونەوەرانی کورد تەدبیری حاڵی میللەت بکەن، پێش ئەوەی نیشتمان ئاوەدان بکرێتەوە و لە هەموو دنیاوە گەشتیاران ڕووبکەنە کوردستان و پێش ئەوەی هێڵی ئاسن بچێتە هەورامان، شاعیری بەهرەمەند و نیشتمانپەروەر لەلایەن دەستێکی ڕەشەوە تیرۆر دەکرێت و هەموو هیواکانی لەگەڵ خۆیدا دەباتە ناو دڵی خاکی نیشتمان و بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە ژین دەکات.

**پەراوێزەکان:**

**١- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، ٢٠١٠، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل٢٠-٢٨.**

**٢ - مەجید سالح، ڕەفیق حیلمی پۆرترێتی مونەوەرێکی کورد، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ل٦٧ بەدواوە.**

**٣ - ئەحمەدموختار جاف، دیوانی ئەحمەدموختار جاف، لێکۆڵینەوەی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپی یەکەم، ١٩٨٦، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ل١٠٦.**

**٤ - د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چیرۆکی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژ (١٩) نیسانی ١٩٨٤، ل٦-٢١، هەروەها: سەنگەر زراری، مەسەلەی ویژدان یەکەمین هەنگاوی ڕۆمانی کوردی، گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٥٢)، ٢٠١٨/٥/٥، ل٦٣-٧٦.**

**٥ - محمد أمين زكي بك، مشاهير الكرد وكردستان في العهد الاسلامي، ترجمة سانحة زكي بك، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦م، دار الزمان، ص٤٢٧-٤٢٨.**

**٦- عادل صديق، عادیلە خانم، چاپی یەکەم ٢٠١٠، مەڵبەندی کوردۆلۆجی- سلێمانی، ل١٥ بەدواوە.**

**٧- فەرهاد شاکەلی، لە بناری شنرۆیەوە تا ناوەڕاستی سیروان، ژیان و مەرگی شاعیری نیشتمان پەروەر ئەحمەدموختار جاف، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٥٨)، ل٦١-٧٢.**

**٨- دیوانی ئەحمەدموختار جاف، ل١٠٦.**

**٩- دیوانی ئەحمەدموختار جاف، ل١٤٤.**

**١٠- دیوانی ئەحمەدموختار جاف، ل١٠٤.**

**١١- دیوانی ئەحمەدموختار جاف، ل١٣٤-١٣٥.**